# له پێشوازی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا

[ kurdish – كوردی – كردي ]


ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# في استقبال شهر رمضان المبارك

« باللغة الكردية »

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# له پێشوازی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا

سوپاس وستایشی بێ پایان بۆ خوای گه وره ومیهره‌بان، ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی كه ئاینه‌كه‌ی خۆی وه ك چاكترین دیاری بۆ مرۆڤایه‌تی به محمد المصطفى دا ( صلى الله عليه وسلم ) ڕه‌وانه كرد، بۆ ئه وه‌ی ده ریان بهێنێت له به‌ندایه‌تی مرۆڤه‌كانه‌وه بۆ به‌ندایه‌تی خوای تاك وته نها، ده‌ریان بهێنێت له زوڵم وسته‌می ئاینه تێكدراوه‌كانه‌وه بۆ عه‌دل ودادپه‌روه‌ری ئیسلام، ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی كه مانگی ڕه مه‌زانی عه‌طا كردووه به ئوممه‌تی ئیسلام، وه دردودو صه‌ڵات وسه‌لام بۆ سه ر گیانی پێشه‌وای مرۆڤایه‌تی پێغه‌مبه‌ری ئیسلام وئال وبه‌یت وسه‌رجه‌م هاوه‌ڵ وشوێنكه‌وتوانی هه‌تا هه‌تایه.

خۆشەویستان جارێکی تر خوای گەورە تەمەنی داینەوە کە شاد بینەوە بە مانگی ڕە مەزانی پیرۆز، مانگی قورئان، مانگی بەرەکەت ولێخۆش بوون، مانگی گیرا بوونی نزا وپاڕانە وە، مانگی میهر وژیانە وەی دڵە کان، لە خوای گە ورە داواکارین یارمەتیمان بدات کە ئەم مانگە لە ڕەزامەندی خ ۆیدا بەرێ بکەین .

خۆشەویستان : مانگی ڕە مەزان مانگی کۆکردنە وەی چاکە و توێشوو پڕکردنە لە خێر و خێرات و حە سەنات، مانگی بازرگانی کردنە بە تەمەنەوە، تە مەن لە خزمەتی طاعە ت و گوێڕایەڵی کردنی خوای گە ورەدا بە سەر بە رین، نابینیت ڕۆژانە خەڵکی بە جارێك لە بەیانی زوودا هەموویان وەك پورە هەنگ گرمەیان دێت وهەر کەسێك بۆ بەدەستهێنانی پاروویەك بۆ ژیانی هە تا ئێوارە کە خۆر ئاوا دە بێت دێن و دە جوڵێن، بە تایبەتی بازرگانە گەورەکان هە میشە سەرگەرمی ئە وەن کە پلانی تۆکمە داڕێژن بۆ بە دەستهێنانی قازانج وداهاتی زیاتر،

تاوەکو بتوانن سە رمایەیەکی گە ورەتر بە دەست بهێنن، بۆ ئاسودە کردنی خۆیان ونەوەکانیان وخۆش گوزەرانی داهاتویان، بازرگانەکان لەهەموو دونیا وە رزەکانی بازرگانی بە فورسەت و هە ل دە زانن بۆ بە دەسهێنانی زیاتر قازان ج و برە و دان و فراوانکردنی بازرگانییە کەیان، چونکە ئەوەی لە و وە رزانەدا دەستیان دەکەوێت لە تەواوی وەرزەکانی تری ساڵدا بە دەستی ناهێنن، چونکە لە ساڵێکدا یەك جارە و وەك دەڵێن کوڕ ئە و کوڕەیە ژێر بێت و شە و ڕۆژ بخاتە سەریەك بۆ ئە وەی هەوڵەکانی چە ند جار بکاتە وە و یە ك لە حزەیشی بە فیڕۆ نەدات، چونکە ماوەکەی کەمە و لە ساڵێکدا یەك جارە، ئەگەر لە جەنابیشتان بپرسم باشە ئەم هە موو هە وڵ و تێکۆشان و شەو خستنە سەر ڕۆژ و ڕۆژ خستنە سەر شەوە لە پێناو چیدا، بێگومان لەوەلامدا دەڵێیت : بۆ ئە وەی خۆشتر بژین و پارە و سەروەت وسامانی زیاتر کۆ بکەینەوە، تاوەکو دڵنیابن لە کیسە وقاسەی پڕیان بۆ خۆیان و ئایندەیان .

خوشك وبرای بەڕێزم : ئەی ئێمەی باوەڕداریش نالێین مانگی ڕەمەزان مانگی لێخۆش بوونە ، ئەی نالێین ڕەمەزان مانگی تویێشوو کۆکردنەوەیە، مانگی دابەزینی قورئانە، نالێین مانگی بەرەکەت وبازرگانی قازانجکردووی بێ کۆتاییە ، بازرگانیەك زۆر جیاواز لە بارزرگانی دونیا و پوڵ وپارە کۆکردنەوە، ئەم بازرگانییەی مانگی ڕە مەزان بازرگانی کردنە لەگەڵ پەروەردگاردا، ئەو پەروەردگارەی هێندە میهرەبانە چاکەیەك بە دە چاکە وهەندێك جار بە حەفتا و حەوت صەد و زیاتر لەوەیش بۆ بە ندەکانی دە ینوسێت، کە واتە دڵنیا بن لە وەی مانگی ڕە مەزانیش وە رزی بازرگانی کردنە بە چاکە وحەسەناتەوەو جیاوا ز تر لە و چاکە و حەسەناتانەی کە لە مانگەکانی تردا ئەنجامیان دەدەیت، ئەم مانگە تۆی باوەڕدار حەسەنات کۆدەکەیتەوە لە ڕۆژوو، ئەو ڕۆژووە ی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) لە فەرموودەیەکی قودسیدا فەرموویەتی کە خوای گەورە دەفەرموێت : « الصوم لی وأنا أجز ي

به » واتا : ڕۆژوو بۆ منه و هه ر ته نها خۆیشم پاداشتی دەدەمەوە، مه بەست لە وەیە کە پاداشتی ڕۆژوە وان هێندە گەورەیە کە مەگەر هەر خوای گه وره ومیهرەبان خۆی بزانێت پاداشتەکەی چیە و چۆنه ، چاکە کۆدەکەیتەوە لە دەرکردنی زەکاتی ماڵ و سامانه کەت، پێویستی هه ژاران و نه داران پڕ دەکەیتەوە و دڵیان خۆش ده کەیت، توێشووت پڕ دەکەیت بە ئیستغفار و داو ای لێخۆش بوون لەخوای گەورە، تای ته رازووی چاکەکانت ق ورستر بکە بە ژیان لە گەڵ یاد وذیکری خودا وقورئان خوێندنه وه و تێرامان لە مانا و مه بەستەکانی، ئه م مانگه مانگی شەو نوێژ و ته راویحه، مانگی زیندووکردنه وەی ( لیلة القدر ) ـه کە پاداشتەکەی زیاترە لە خێر وحه سەناتی زیاتر لە هەشتا ساڵ، به رێزانم فورسه ته چونکە لەم مانگەدا شەیتانەکان دەبەسترێنەوە، ده رگاکانی بە هەشت ده کرێنەوە ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن .

بۆیە  دەبینین کاتێك مانگی ڕە      مەزان نزیك دە   بوویەوە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) هانی هاوەڵانی دەدا بۆ ئەوەی قۆڵی لێ هەڵماڵن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، تاوەکو بە گەرمی وگوڕی بە  پیریەوە بڕۆن، دەیفەرموو « قد جاءكم رمضان، شهرٌ مبارك، افترض الله عليكم صيامه، يُفتح فيه أبواب الجنة، ويُغلق فيه أبواب الجحيم، ويُغلُّ فيه الشياطين، فيه ليلةٌ خيرٌ من ألف شهرٍ، من حُرِم خيرها فقد حُرم » [رواه أحمد في المسند، والنسائي وابن أبي شيبة ] واتا : ئەوە ڕەمەزان هات بۆلاتان، مانگی بەرەکەت وپڕ خێر،خوای گە   ورە  ڕۆژوەکەی لە  سەر فە  رز کردوون، دەرگاکانی بە   هەشت دە  کرێنەوە، ودە  رگاکانی دۆزە   خ دادەخرێت، وشەیتانەکان کۆت بەند دەکرێن، یەك شەوی هەیە، بە ئەندازەی هەزار مانگ خێری هە یە، ئەوەی لە  خێری ئەم مانگە  مەحروم بێت، بە  ڕاستی ئە وە  مەحرومە  لە  خێر و حەسەناتی .

نەك هە ر ئە وەندە لەم مانگە دا هە موو شە وێك بانكەرێك لە فریشتەكان بان دە كات، وە ك لە فەرموودەیەكدا هاتووە : « یا باغي الخير أَقْبِلْ، ويا باغي الشرِّ أَقْصِرْ، ولله عتقاء من النار ، وذلك كل ليلة » واتا : ئەی ئە و كە سەی كە چاكە وحەسەناتت دە وێت و خێرا بكەو وە رە بۆ توێشوو كۆكردنە وە، ئە ی ئە و كە سەشی كە بەدوای شە ڕ وخراپە وە بوویت ئیتر كۆتایی پێ بهێنە وە و بگەڕێرەوە بۆ لای پە روەردگارت، لە م مانگە دا خوای گە ورە هەموو شەوێك كۆمەڵێك كەس لە ئاگر ئازاد دە كات ورزگاریان دەكات .

ئەی ئێستا وپاش ئە م ڕوونكردنە وەیە بازرگانی كردنی دوینا سەرقاڵت دە كات لەوەی نە توانیت بازرگانی كردنە گەورە وپر بەرەكەتەكە لەگەڵ خوای گە ورە لەم مانگە پیرۆزەدا ئە نجام نەدەیت ؟ ئومێدە وارم هە موومان لە و كە سانە بین كە خوای گەورە لە وەصفیاندا دەفەرموێت : ﴿ رِجَالٌ لَا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَا ءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ

وَالْأَبْصَارُ * لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا وَيَزِيدَهُمْ مِنْ فَضْلِهِ وَاللَّهُ يَرْزُ قُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَاب ﴾ [ سورة النور: ٣٧ - ٣٨ ] واتا : پیاوانێك بازرگانیی و كڕین و فرۆش، لەیادی خوا و لە بەرپاكردنی نوێژو بەخشینی زەكات غافڵیان ناكا ، واتە : لەلایەكەوە هەردەم خەریكی پەیدا كردنی ژیان و ژیوارن و، لە لایەكی تریشەوە یادی خوا دەكەن و، هەر كات بانگ گوترا، ئەوان بەپەلە ئەڕۆن بەدەم نوێژەكانیانەوە، وە هەركاتێكیش زەكاتیان كەوتە سەر، بەخێرایی جێبەجێی ئەكەن لەرۆژێك ئەترسن كە دڵ و چاو تێیدا گش ئەگەڕێن و وەر دەچەرخێن، واتە: لە رۆژێ ئەترسن ئاخۆ لە چ لایەكەوە فریشتەی سزا بیانگرن و، نامە یان چۆن بدرێتێ ؟ * بە ئومێدی ئەوەن خوا بە چاكترین شێوە پاداشتیان بداتەوەو لە فەزڵ و بە خششی خۆی بە هرەوەریان بكات، بە ڕاستی خوا ڕزق و ڕۆزی بێ سنوور دە بەخشێت بەهەر كەس كە بیەوێت و شایستە بێت .

له كۆتاييەوه داواكارم لەخۆم وپاشان ئێوه ی بەرێزیش كه ئەم مانگه هێشتا له سەرەتاكانیەوەین، كه به فورسەتی بگرین وقۆڵی لێهه ڵماڵین وپه یمان وبه لێن له گەڵ خوای گه ورەدا ببەستین كه بەڕاستی به ندەی ڕاسته قینەی ئه و بین، و ئه م مانگه بكەین به وێستگەی بەخۆداچوونەوه، چونكه مانگی ڕۆح و ڕه یحانه، مانگی یاد وذیكری خودا یه، مانگی پاكردنه وەی دڵەكانه، مانگی وازهێنانه له گوناهوتاوان وگەڕانەوەیه بۆ لای میهری میهره بانی په روەردگار، مانگی خوا له خۆ ڕازی كردنه ، مانگی بەدەسهێنانی بەهەشت وخۆشبەختی هەتا هەتاییه، با لەدەستی خۆمانی نه دەین، تا له ژیانداین، چونكه كەسانێك كه حاڵی حازر له ژێر گڵدان ولەناو گۆڕەكانیاندان هیوا خوازن كه خوای گه وره جارێكی تر بیانگێڕێته وه بۆ دونیا تاوه كو ڕزگاریان بێت ل ه و ژیانه تاڵ و ناخۆشه ی كه تێیدان، خوای گەوره هەموو لایەك موەفەق بكات تاوەكو لەخزمەت ڕەمەزاندا بین بتوانین ڕەزامەندی خوای گەورەی تێدا بەدەست بهێنین ..

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله وصحبه وسلم